## ناوەندی گەشەپێدانی کەرکوک

# کۆمەك بە ئاوارەگەڕاوەکانی شاری کەرکوك دەکات

**ڕاگەیاندنی ناوەند لە کەرکوك**

**ڕۆژی شەممە کاژمێر 11ی سەر لە بەیانی و تاوەکو ئێوارەی ئەو ڕۆژە.. ناوەندی گەشەپێدانی کەرکوك، کە بارەگای سەرەکیان لە ولاتی هۆڵەندایە، و بە ئامادەبوونی نوێنەری ناوەند( ئامۆزا شێرزاد) و ڕاگەیاندنی ناوەند لە کەرکوك، بڕێك کەلوپەلی بۆ ئاوارەگەڕاوەکانی بنکەی (بارووودخانە) دابەشکرد، بەسەر (1000) ماڵی ئەو سنوورەدا.. شایانی باسە ئەم پرۆسەی دابەشکردنە سەرجەم بنکەکانی ناوشاری کەرکوك دەگرێتەوە.. کۆمەکەکەش بریتیە لە (پێڵاو و**



**جلوبەرگ بە هەموو شێوەکانیەوە).**

**سەبارەت بەم هاوکاریە و گەیشتنی بۆ کوردسان بەڕێز ئامۆزا شێرزاد گووتی:**

**ناوەندی گەشەپێدانی کەرکوك ، کە دروستکراوی کەرکوکیەکانی ولاتی هۆڵەندایە، لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردودا بڕی(23)تەن جلوبەرگی وەك دیاری و کۆمەك بۆ ئاوارەکان کەرکوك ناردۆتەوە.. ناوەندی کەرکوك بەمەبەستی بە گژاچوونەوەی تەعریب و پاکتاوی ڕەگەزی وسیاسەتەکانی ڕژێمی بەعس و کۆمەك کردن بە شاری کەرکوك دروست بوە و بەردەوامیش دەبێت لە کارو چلاکیەکانی خۆیدا و بە نیازیشین لە ئایندەیەکی دیکەدا بڕێکی باشتر و زۆرتر لەمەی ئێستا بگەێنینەوە کەرکوکی خۆشەویست و پێشکەش بە خەڵکە تێکۆشەرەکەی بکەین.ئەمە و سەرەڕای چەندین کار و چالاکی ترمان لە دەرەوە ئەنجام داوە، بۆ ئەم کۆمەکەی ئێستاش بەردەوام دەبین تاوەکو بەسەر گشت بنکەکانی شاردا دابەشی بکەین.**